**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە ٢١ /٢٠٠٩/١ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
## ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەك لە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: ١- پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق.

٢- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەربڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و ناڕەزایشی لەسەریان نەبووە ئەنجومەنی نیشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاّو دەکرێتەوە.

دووەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەرۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی ڕەت نەکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**پازدەم:** دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تايبەتيەكان لەسەرپاڵاوتن پێشنيارى وەزيرى پەيوەنديدار و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزيران.

**نۆزدەم:** سەرۆكی هەرێم هەر دەسەلأتێكی تر كە لە دەستوورو ياسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

**ماددەی دووەم:**

كار بە هيچ دەقێكی ياسايی يان بڕيار ناكرێت ئەگەر ناكۆك بێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايەدا.

**ماددەی سێيەم:**

پێويستە لەسەر لايەنە پەيوەنديدارەكان حوكمەكانی ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم ياسايە لەبەرواری دەرچواندنيدا جێبەجێ دەكرێ و لەرۆژنامەی فەرميدا (وەقائيعی كوردستان) بلأودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١٣/ ڕێبەندان / ٢٧٠٨ ی كوردی

٦ / سەفەر ١٤٣٠ ی كۆچی

٢ / شوبات / ٢٠٠٩ی زايينی

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM